# بەیاننامەی بزاڤی ژنانی کورد

## سەبارەت بە کۆنگرەی ژنی کورد لە تاران

لە دوای بە کەرەسە کردنی ژنی کورد لە «کۆنگرەی زانکۆی تاران»، بە داخەوە هێرش و هەڕەشە و سووکایەتی دژ بە ژنانی چالاکی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەستی پێکردووە و تەنانەت بە نامە و ئیمەیل هەڕەشەی مەرگیان لێ دەکرێ! کەسانێك بە نازناوی جۆراوجۆر و بە کەڵك لە وشەگەلی جیاواز و ناشیرین چالاکانی ژن و ڕێکخراوەکانیان دەبەنە ژێر پرسیار و گومان و تەنانەت نکوولی لە بزاڤی ژنان دەکەن و بە دۆڕاو و عەقیم ناوی دەبەن. زۆر جێگای سەرنجە کەسانێك بەم جۆرە بیرکردنەوە لە ژێر پۆششی کانوونێکی خوێندکاری و ئەنستیتۆیەکی کوردی! خۆیان بە دڵسۆزی ژن نیشان دەدەن و شانۆی کۆنگرەدانانی بۆ بکەن. جێگای پرسیارە ئەگەر ئەمانە بزاڤی ژنی کورد نابینن و نکوولی لێدەکەن، کەواتە چۆن کۆڕ و کۆنفرانسی بۆ دەگرن؟ ئامانجیان جگە لە بەرژەوەندی خۆیان و بە کەرەسە کردنی ژنان و خۆهەڵکێشان بە ناوی چالاکی ژنانەوە دەتوانێ چی بێ؟ سەلماندن یا نکوولی لە بزاڤی ژنانی کوردی ڕۆژهەلات بە وشەگەلی ناشیرین ناکرێ و لە توانای هزر و زانستی هەر کانوون و ڕێکخراوەیەکدا نیە و پسپۆری شارەزای خۆی پێویستە. ئەوەی بەرچاوە ترسانی کەسانی تەسکبین لە هێزی ژنانی کوردە. بەشداری چالاکی ژنان لە ڕێکخراوەکان و لە پانتاگەلی زانستی و کۆمەڵایەتی و کولتووری حاشاهەڵنەگرە و ئەمانە ناتوانن ببینن. ئیمڕۆ کە لە جیهاندا بزووتنەوەی ژنان حیسابی زۆری بۆ دەکرێ و بە تەسکبینی و سووکایەتی ناکرێ ڕێگا لە بەرەو پێشچوونی ژنان بگیردرێ. زۆر بە داخەوە هەوڵی ژنان بۆ هاوکاری لەگەڵ کۆنگرەکەدا بە هۆی بێ پووڵییانەوە کە نەیانتوانی بە پارە یارمەتی کۆنگرە بدەن بە فیڕۆ چوو و لە لایەن بەڕێوەبەری کانوونی کازیوەوە بە هاوکاری ڕواڵەتی ناو دەبرێ. لە لایەکیترەوە توندوتیژی دژ بە ژنان لە نێو ئەو کۆنگرەدا وەك دیموکراسی و پلورالیزم ناوزەد دەکرێ. دەبێ بگری بۆ کەسانێك کە ڕەوازانینی توندوتیژی و بێ حورمەتی بە ژنان و پشتگیری لە قەتڵی ناموسی و تاوانباری ژنانی کوژراو بە تۆمەتی شەرەف بە دیموکراسی و پلۆڕالیزم دەزانن! بە ڕاستی ئەمانە هەر ئەوەندە لە دیموکراسی تێگەیشتوون!

کۆنگرەی بە ناو ژنـی کـوردی زانکـۆی تـاران تـەنیا کـەڵکێکی بـۆ ژنـان بـوو، ئـەوەش کـە زانیـان خۆیـان دەتوانن هەنگاو بۆ خۆیان هەڵگرن و چـاوەڕوانی کـەس نـەبن و دەرفـەتی ئـەوە نـەدەن کـە هـیچ لایـەك بیانکاتـە ئامێر و کەرەسەی خۆنیشاندان و خۆهەڵکێشان.

بزاڤی ژنانی کوردی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان بریتیـە لـە هـەموو ژنـانی چـالاك بـە هـەر چەشـنە بیروبـاوەڕ و ئایدیۆلۆجیـەك کـە رێـزی یـەکتر دەگـرن و هـەوڵی هـەموویان بـۆ سـڕینەوەی هـەڵاواردن دژ بـە مرۆڤـ و بـە تایبـەت هـەڵاواردن دژ بـە ژنانـە. بـە هیـوای داهاتوویـەکی گـەش و چـاك بـوونی روانگـە و بـاوەڕە هەڵـەکان، قسەی ئێمـە ئەوەیـە کـە لەمـەولا هـەنگاوەکانمان پتـەوتر و یـەکگرتووتر دەکـەین. بـە تۆمـەت و سـووکایەتیش نابەزین، ئێمە هێشتا رێگایەکی زۆرمان لەبەرە.

1- تۆڕی رێکخراوە ناحکومیەکانی ژنان

2- رێکخراوەی خۆبەخشی پشتیوانی لە ژنان و کچانی کوردستان

3- کۆمەڵەی رێگای سەوزی کوردستان

4- رێکخراوەی کولتووری وەرزشی هەورازی کوردستان

5- رێکخراوەی پشتیوانی لە ژنانی شاخەوانی کوردستان - سنە

6- رێکخراوەی ژینگەی سروشت

7- رێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی

8- رێکخراوەی ژنانی ئازەرمیهر

9- رێکخراوەی پشتیوانی لە مافی ژنان لە کوردستان

10- رێکخراوەی ژنانی خێرئەندیشی بانە

11- رێکخراوەی ژنانی ئاناهیدی بۆکان

12- رێکخراوەی ژنانی پێشڕەوی مەریوان

13- رێکخراوەی خەڵکی ژنانی مەریوان

14- شەمزین جیهانی

15- رێکخراوەی کچانی هەواڵنێری گە نجی ئێرە م